

## باخدارەکان لەساغ نەبوونەوە و هەرزانی نرخی زەیتون نیگەرانن

# باشووری کوردستان خاوەنی زیاتر لە دوو ملیۆن درەختی زەیتونە

**خەبات/ عەلی بانیشاری-سلێمانی**

لە باشووری کوردستان تەنها لەشاری هەولێر کارگەیەکی زەیتی زەیتون هەیە، خاوەن باخەکانی زەیتون داوا دەکەن لەپارێزگاکانی دیکەش کارگەی لەو شێوەیە بکرێتەوە تا بتوانن بەرهەمی زەیتون ساغ بکەنەوە، بەشێک لە زەیتونی هەرێم بەهۆی نەبوونی بازاڕەوە ساغ نابێتەوە، باخدارەکان دەڵێن" نرخی زەیتون زۆر هەرزانە و گرنگی نەدان بەو بەرهەمە بەسوودە تووشی نیگەرانی کردووین".

بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی دەڵێ: " ساڵانە لە سنووری پارێزگای سلێمانی 4 هەزار تەن زەیتون بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام نەبوونی کارگەیەک ئێمە و باخدارەکانی تووشی نیگەرانی کردووە، چونکە شارەکە پێویستی بە کارگەیەکی زەیتی زەیتونە".

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەیەکانی ئاوی هەرێم لە باشووری کوردستان 10هەزار دۆنم زەوی چێنراو بە زەیتون هەیە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکانی باخداری لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان زیاتر لە دوو میلۆن درەختی زەیتون هەن، نەمامەکانی زەیتون لە ئیسپانیا و سوریا و یۆنان و چەند وڵاتێکی دیکەوە هێنراونەتە باشووری کوردستان. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم لەبەرنامەیدایە پەرە بە باخەکانی زەیتون بدات و بۆ ئەو مەبەستەش چەند نەمامگەیەکیان بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی زەیتون دروستکردووە.

خاوەن باخەکانی زەیتون دەڵێن بەرهەمەکانمان پارە ناکات و بازاڕی نییە، ئەوان داوا دەکەن حکومەت هاوکاریان بێت تا پەرە بە باخداری زەیتون بدەن و بەرهەمی زیاتر بخەنە بازاڕەوە.

ستار عبدولکەریم، باخدارێکی شاری هەولێرە و لە نزیک قەزای خەبات خاوەن باخێکی 3 دۆنمی زەیتونە، دەڵێت" کیلۆیی زەیتون 500 دینار ناکات، خاوەن باخ ئەگەر بەرهەمەکە نەکاتە زەیت قازانجێکی کەمی دەست دەکەوێت، سەرەڕای باشی زەیتون و سوودە زۆرەکانی، بەڵام تائێستا لە کوردستان گرنگی بە باخداری زەیتون نادرێت و وەکو پێویست ساغ نابێتەوە". گوتیشی" بەرهەمی زەیتون لە کوردستان یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکان و بەشێک لە خەڵکی لەماڵەوە چاکی دەکەن و لەسەر سفرە دایدەنێن و هەندێکیش سوود لە زەیتەکەی وەردەگرن".

ئەو باخدارە دەڵێت" کردنەوەی کارگەی زەیتی زەیتونی هەولێر سوودێکی باشی بۆ خاوەن باخەکانی زەیتون هەیە تا قیمەتی زەیتون بەرزبێتەوە". دەشڵێت" هەندێک لە خەڵکی گرنگی بە زەیتون نادەن، لەهەولێر سەدان ماڵ درەختی زەیتونیان هەیە و زەیتونەکەی لێناکەنەوە تا باران لێدەدات و هەمووی خراپ دەبێت و دەکەوێتە سەر زەوی". هەروەها گوتیشی" ئەگەر پەرە بە باخداری زەیتون بدرێت دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری بۆ باشووری کوردستان، چونکە ناشتنی زەیتون لێرە سەرکەوتوو بووە". ستار داوایکرد کارگەی زیاتری زەیتون بکرێتەوە تا بەرهەکە پارە بکات و ساغ بێتەوە.

لە تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو کارگەیەی زەیتی زەیتونی هەولێر بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتالیا کرایەوە، کارگەکە ساڵانە بۆ ماوەی دوو مانگ کار دەکات و لە توانایدایە رۆژانە 40 تەن زەیتون بکات بە زەیت.

حکومەتی هەرێم لەبەرنامەیدایە لە سلێمانی و دهۆک و گەرمیان کارگەیەکی لەو شێوەیە دابمەزرێنێت.

شارەزایانی باخداری دەڵێن" ئاوو هەواو خاکی کوردستان زۆر لەبارە بۆ چاندنی درەختی زەیتوون". بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ساڵانە لە باشووری کوردستان نزیکەی 15 هەزار تەن زەیتون بەرهەم دەهێنرێت.

رزگار محەمەد ئاغا، بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی بە(خەبات)ی راگەیاند" ساڵانە لە سنوری پارێزگای سلێمانی 4 هەزار تەن زەیتون بەرهەم دەهێنرێت، بەشێک لە بەرهەمەکە رەوانی هەولێر دەکرێت". بڕیارە ئەمساڵ کارگەیەکی هاوشێوەی کارگەی زەیتی زەیتونی هەولێر لە شاری سلێمانی بکرێتەوە لەو بارەیەوە ناوبراو گوتی" چاوەڕوانی دروستکردنی کارگەکەین و رەزامەندی لەسەر دراوە". رزگار محەمەد دەڵێت" ئەو زەیتونە بەرهەم دەهێنرێت هەر لەناوخۆدا ساغ دەکرێتەوە و هەناردەی دەرەوە ناکرێت".

بەگوتەی ئەو ئاو هەواری کوردستان لەبارە بۆ چاندنی زەیتون و دەڵێ" ئەو شوێنانەی هەزار مەتر لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزن گونجاو نین بۆ چاندنی زەیتون و ناوچە دەشتاییەکان باشترین شوێنن بۆ باخی زەیتون".

چەندین توێژینەوەی زانستی ئەوەیان سەلماندووە زەیتون بۆ



بەهێزبوونی ئیسقانی منداڵ بەسوودە و ئازاری گوێ کەم دەکاتەوە، ئەم زەیتە جەستە بەدوور دەگرێت لەتووشبوون بە هەوکردن و چەوری گەدە و ریخوڵەکان کەمدەکاتەوە، پزیشکان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن زەیتی زەیتون لەبەرئەوەی ڤیتامین A تێدایە یارمەتی ئافرەتان دەدات بۆ بوونی کۆرپەلە، لەلایەکی دیکەوە ئەم زەیتە قژ لە سپی بوون و هەڵوەرین دەپارێزێت.

بەوتەی شارەزایانی باخداری باشترین کات بۆ لێکردنەوەی زەیتون کە زەیتی لێ دروست بکرێت پاش ناوەڕاستی مانگی 11یە. بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی دەشڵێت" باشی بەرهەمی زەیتون بەستراوە بە چۆنییەتی خزمەتکردنی باخەکەوە، بەرهەم باخ بۆ باخ دەیگۆڕێت". زەیتون پێویستی ئاوێکی کەمە و ئەگەر پلەکانی گەرما بۆ چەند پلەیەک ژێر سفر دابەزن رووبەڕووی گرفت نابێتەوە.

رزگار ئاغا هەروەها گوتیشی" کەسانی سەرمایەدار لە شاری سلێمانی لە هەوڵی ئەوەدان کارگەی زەیتی زەیتون دروست بکەن". ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد پارێزگای سلێمانی پێویستی بە کارگەیەکە تا بەرهەمی زەیتونی تێدا ساغ بکرێتەوە.

سەرچاوە پزیشکییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن زەیتی زەیتون سوودێکی زۆری بۆ پێست و قژی مرۆڤ هەیە و خانە مردووەکانی پێست زیندوو دەکاتەوە، زەیتی زەیتون رێگری لە زیبکەی دەم و چاو دەکات و دۆڵمەندە بە ڤیتامین ئەی و کەی و ئیچ، ئەمە بێ لەوەی پێست لە تیشکی خۆر دەپارێزێت و سوڕی خوێن چالاک دەکات، ئەم زەیتە رێگری لە چرچ بوون و هەڵئاوسان و رەشبوونی ژێر چاوەکان دەکات و کێش دادەبەزێنێت، پزیشکان دەڵێن زەیتی زەیتون بۆ سوتانی لەش بەسوودە و ئازاری کەم دەکات و ئەگەر لەگەڵ لیمۆ تێکەڵ بکرێت بۆ چەوری خوێن بەسوودە. بەوتەی سەرچاوە پزیشکیەکان زەیتون کرمی سک دەکوژێت و ئاوەی زەیتون پوکی مرۆڤ بەهێز دەکات.

## تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکیی کەمخوێندنەوەی کتێبە

# خەریکە خوێندنەوەی کتێب بەرەو نەمان دەچێت

**خەبات : وریشە عومەر**

دەگوترێت (کتێب) باشترین هاوڕێی مرۆڤە، بۆیە مرۆڤەکان لەدێر زەمانەوە گرنگیان بەخوێندنەوەی کتێب داوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی پەیدابوونی چەندین جۆر لەئامرازی راگەیاندن و چەندین ئامێری گەیاندن، خوێندنەوەی کتێب کەمبۆتەوە، کە وا خەریکە کولتووری خوێندنەوە بەرەو نەمان دەچێت، لەم بەدواداچوونەدا، ڕاوبۆچوونی چەند کەسێک لەچین و توێژەکان دەربارەی خوێندنەوە بخوێنەوە:



### خەڵک گرنگی بەشتی زیندوو دەدات

"هۆزان ستار" قوتابی کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی گوتی: من وەکو قوتابییەک تاڕادەیەکی باش گرنگی بەکتێب خوێندنەوە دەدەم لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بەکارەکەمەوە هەیەو پەیوەستە بەژیانی رۆژانەی خۆمەوەو گرنگی زۆریش بەزانیاری گشتی دەدەم. تەکنەلۆژیا وەک پێویستییەکی رۆژانە کاریگەری لەسەر هەر تاکێک هەیە کە کتێبێک بخوێنێتەوە، من وەکو گەنجێک کاریگەری لەسەرم هەیە، چونکە ئەوکاتەی کە بۆ تەکنەلۆژیام داناوە بۆ خوێندنەوەی کتێب دامنەناوە، لەهەموو دنیاش وایە، خەڵک گرنگی بەشتی زیندوو دەدات.

### زانیاری لەکتێب وەردەگیرێت

مامۆستا "هەژار " لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەڵێت: ئەگەر زانیاری لەکتێب نەبێت لەچی وەردەگیرێت ؟ بەڵام دەبێت کتێب خوێندنەوە بەشێوەیەکی بەردەوامبێت و نابێت بەپچڕپچڕ بخوێنرێتەوە هاوکات دەبێت بەرنامەیەکی بۆ دابنێیت و هەمیشە کتێبەکەت لەبەردەستبێت کە خوێندنەوەکەت تەواوکرد کتێبێکی تر بخوێنیتەوەو ئەو کتێبانەی دەیخوێنیتەوە دەبێت لەگەڵ حەز و ئارەزووی کەسەکەدا بگونجێت، جا ئەم کتێبە (رۆمان یا شیعر یا مێژوو)یی بێت.

دواترمامۆستا هەژار گوتی: کتێب خوێندنەوە دەبێت وەکونەریتێک یاخولیای کەسی بەرەوپێش بچێت و دانەبڕێیت، چونکە هەرکاتێک دابڕایت ، زۆر ئەستەم دەگەڕێیتەوە سەر خوێندنەوە، لەئێستادا بەگشتی خوێندنەوەی کتێب کەمی کردووەو گەڕان بەدوای زانستەکان زیاتر لەئێستادا زانستی تەکنەلۆژیا لە خزمەتی ئەودایە تۆ دەتەوێت بابەتێک بزانیت لەرێگای ئینتەرنێتەوە بەشوێنیدا دەگەڕێیت، لەگۆگل هەموو بابەتێکت پێدەدات زیاتر ئەوشتە وا لەخوێنەر دەکات کە بەدوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێت

### مامۆستای قوتابخانەکان هیچ ئامادەکارییەک بۆقوتابییان ناکەن و خۆشیان کتێب ناخوێننەوە

بەڕێوەبەری (کتێبخانەی پیرەمەگروون) دەربارەی کتێب خوێندنەوە گوتی: هۆکارێکی سەرەکی بۆ نەخوێندنەوە سەرهەڵدانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە و هەڵە بەکارهێنانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان و نەبوونی رێکلامە بۆ کتێب و لەمیدیاکان رێکلام بۆکتێب کەمدەکرێت و زیاتر بۆ (خواردن و جلوبەرگ) دەکرێت و نەبوونی ئاستی رۆشنبیری لەکۆمەڵگا بەتایبەتی لەقوتابخانەکاندا کە مامۆستاکان هیچ ئامۆژگاریەکیان نییەو تەنها وانەی خوێندن و پەروەردەکردن هەیە، نەخێر فێرنەکراون کە چۆن کتێب بخوێننەوە، ئەم هەموو کێشەیەمان هەیە، بۆیە دەڵێم فێرکردن نییە، چونکە قوتابیان دێنەکتێبخانەکەمان نازانن بۆ کوێ هاتوون دەڵێن: کتێبتان هەیە بۆ فرۆشتن. مامۆستای قوتابخانەکان لەو رووەوە کەمتەرخەمن و هیچ ئامادەکارییەک بۆ قوتابیان ناکەن و خۆشیان کتێب ناخوێننەوە تا قوتابییەکانی خۆیان فێربکەن و نەبوونی کتێبخانەلەناو قوتابخانەکان و نەبوونی ئاستی رۆشنبیریی تاک کە زۆرتر لەناو منداڵەکان لەماڵەوە بتوانێ کتێبێک دابنێت یان بیانخوێنێتەوە لەناو کتێبخانە بەهەمان شێوەپێشانگای کتێب بەرێژەیەکی بەرچاو دەکرێتەوە کە ساڵی جارێکە، رێکلام نییە، بەتایبەتی بۆ بەشی منداڵان هیچ راگەیاندنێک نایە تا رێکلام بۆ بەشی منداڵان بکەن، بەتایبەتی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان رێکلام بکرێت ، چونکە خەڵک نازانن کە ئەوانیش دەبێت هۆشیار بکرێنەوەو کەسی وامان هەیە کەدکتۆر و ئەندازیارە، کەچی لەبەر حەز و خولیای ناتوانێت منداڵەکانی لەسەر کتێب خوێندنەوە رابێنێت.

### کتێبخانە سەنتەری ئەدەب و رۆشنبیریی و کلتورییە

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە (وەزارەتی گەشتوگوزار و وەزارەتی رۆشنبیری) گرنگی زۆر بە(کتێب) بدەن تاکو کتێب بەخەڵکی ئاشنابکەنەوە.

جەلال کەریم" خوێنەری بەردەوامی کتێب بۆچوونی وابوو: لەم سەردەمەدا زیاتر گرنگی بەمادە دەدرێت و کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە. سەیربکەن ئەو هەموو بالاخانە بەرزە دروستدەکەن، بەڵام شوێنێ بۆ کتێبخوێندنەوە دروستناکرێت تاوەکو سەرنجی خەڵک رابکێشن بۆ خوێندنەوە. لەناو پارکەکاندا هیچ شوێنێ نییە بۆ کتێبخوێندنەوە، خەتای نووسەر چییە رێکلام بۆ کتێبەکانیان نەکەن ؟!، ئۆکسفۆرد لەئەڵمانیا کتێبخانەی بچووکی هەیە کە رێکلامی هەموو شتێکی لێدەکات، چونکە خەڵک زۆر سەردانیدەکات. لە هەموو وڵاتان کتێبخانە سەنتەری ئەدەب و رۆشنبیریی و کولتووری وڵاتەکەیە، بۆیە دەبێت (وەزارەتی گەشتوگوزار و وەزارەتی رۆشنبیری) کتێب بەخەڵکی ئاشنابکەنەوە.